# ژنانی کورد، هەمیشە پێشەنگن[١]

لەخوێندنەوەی مێژوو، بەدەیان و سەدان ژنی بەتوانا و کاریگەر ناویان تۆمارکراوە، کە ڕچەشکێن و ڕیفۆرمخواز و چاکسازی گەورە و گرنگیان ئەنجامداوە. لەبواری ڕۆشنبیری، سیاسی و ئەدەبیدا، جێدەستییان دیارە و کاریگەری پۆزەتیڤیان بەسەر کۆمەڵگەوە هەبووە. لەمێژووی میسۆپۆتامیادا، ژنانی ئەمەزۆن، پێشەنگ و ڕێبەربوون، خاوەن سوپای سەربازی بوون، شەڕی نموونەیی و بێ وێنەیان بەرانبەر بە دوژن ئەنجامدەدا. لەسەردەمی زەندەکان، ژنان هاوشێوەی پیاوان لەدژی ئەفغانیەکان لە بەرگریدابوون و شەڕیان دەکرد، تەنانەت سەرکردە و سەربازە ئەفغانییەکان، دەیانوت: لەکاتی شەڕدا، پیاوان لە پشت کراسی ژنانەوە خۆیان دەشارنەوە. ئەمانە ڕووداوی مێژوویی ڕاستەقینەن.

لەمێژووی کوردیشدا، بەدەیان و سەدان ژن ناویان تۆمارکراوە، کە کردەوەی زۆر بەرز و بالایان ئەنجامداوە. بەشێوەیەک، هەندێ وڵات هیواخواز بوون، ئەو کەسایەتییانە لەڕەگەز و نەتەوە و خاکی ئەواندا لەدایک بوونایە. ئەوان، لە زۆر بواری جیاوازدا پێشەنگ و ڕێنیشاندەر بوون. بەشێوەیەکی گشتی، ژنانی پارتەکانی ڕۆژهەڵات دەور و نەخشی گرنگییان بینیوە، لە ڕووبەڕووبوونەوە و شەڕکردن لەدژی ڕژێمی چەوسێنەری فاشیستی ئێران. هاوکات، ژنانی پەکەکە و یەپەژە شانبەشانی پیاوان بەدەیان و سەدان داستانی ئەفسانەییان تۆمارکردووە، لەبەرانبەر ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام و چالاکییە ناسیۆنالیستییەکانیان لە باکوری کوردستان.

لێرەدا، دەستەبژێرێک لە ژنانی کورد بە نموونە دەهێنینەوە، ئەڵبەتە نووکی پەندان، لە ئاست باسەوادییان شەرمەزارە.

مەستوورە -مەستوورەی کوردستانی-، یەکەمین مێژوونوسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شاعیر و میری میرنشینی ئەردەلانە. ئەو، لە سەردەمەی ململانێی جوگرافیی و میرنشینی بالادەست ژیاوە و ڕووبەڕووی هەموو ئاریشەکان

---

[١] ئەم وتارە لە لاپەڕە ١٥ی هەفتەنامەی وشە، ژمارە ١٩٣، چوارشەممە، ١٢ی تەمموزی ٢٠١٧ بڵاوکراوەتەوە.

بۆتەوە و لە ژیاندا سەرکەوتوو بووە. هاوشانی سیاسەتکردنی لە چوارچێوەی ئەدەب و شیعریشدا بە شاعیرێکی کەم وێنەی کورد دادەنرێ، کە پێوەندی لەگەڵ زۆربەی شاعیرە کلاسیکییەکانی سەردەمی خۆی هەبووە، بەتایبەت نالی و مەولەوی.

عادیلە خان، کەسایەتی دیار و بەرچاوی سنوری هەڵەبجە و هەورامان و شارەزوور بوو، لە زۆربەی سێکتەرەکاندا جێیدەستی دیارە، هاوشانی وەسمان پاشای هاوژینی کاریکردووە و یارمەتیدەرێکی گەورەی پاشا بووە. هاوکات، سەرۆکی دادگای ناوچەکە بووە و بۆ ماوەی چەندین ساڵ قائمقامی هەڵەبجە بووە. لەکاتی هاتنی گەڕیدە و کوردناس و سیاسەتوانەکان، پەیوەندییان پێوە کردووە و سوودیان لەیەکدی وەرگرتووە.

حەپسەخان، کەسایەتییەکی دیاری سەددەی بیستەمی شاری سلێمانییە، دەور و ڕۆڵی لە زۆر سێکتەردا هەبووە، بەتایبەتی لە هۆشیارکردنەوەی ئافرەتانی سەردەمەکەی، لە کردنەوەی دیوەخان و  فێرگە بە ڕووی ئافرەتان. هاوکات هاوکاری و یارمەتی زۆری شۆڕش و بزوتنەوەکانی شێخ مەحموودی داوە، لەشەڕی دەربەندی بازیان کۆمەکی گەیاندۆتە دەست شەڕکەران و لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لەمهاباد، بەهەمان شێوە هاوکاری و پاڵپشتی کردوون. لەگەڵ ئەوانەدا، یاداشتی بۆ کۆمەڵەی گەلان بەرز کردۆتەوە و داوای مافی گەلی کوردی کردووە و تاکە یاداشتە کەلەلایەن کۆمەڵەکەوە وەڵام دراوەتەوە.

قەدەم خێری فەیلی، ژنێکی شۆڕشگێری ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، لە چارەگی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، ڕۆڵی بەرچاو و کاریگەری هەبوو، لەمەڕ بزوتنەوەی کوردی و وەستانەوە بەرانبەر بە ڕژێمی ئەوسای ئێران، کە بەهەموو شێوەیەک هەوڵی سڕینەوە و لەناوبردن و قڕکردنی کوردی دەدا. ئەو، وەک تاکە ژنی لورستان، سەرپەرشتی ڕاپەڕینی کوردی دەکرد، بۆ ماوەی چەندین ساڵ، لەڕووبەڕووبوونەوە و ململانێ بەردەوام بوو.

نەجیبە جەلی زادە، یەکەمین کچ بووە، لەگەڵ کوڕاندا چۆتە فێرگە و خوێندوویەتی، هاوکات لە هۆشیار کردنەوەی ئافرەتان بەتایبەتی لەنێو شاری

کۆیە ڕۆڵی هەبووە. لەکاتێکدا، باوکی مەلا بووە و بە مەلای گەورە ناسراوە، بەڵام جۆرێک ڕیفۆرمی لە دین و کولتوری کوردەواریدا کردووە و دەروازەیەکی گەورەبوو، بۆ گۆڕینی نەریت و کردەی باوی سەردەمەکە.

لەیلا قاسم، بۆ ماوەی چوار ساڵ کادیری دڵسۆزی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، بەهۆی بەشداریکردنی لە خەباتی سیاسی کورددا، لەلایەن دەسەڵاتدارانی ڕژێمی بەعس دەستگیر کرا، لەدوای ئازار و ئەشکەنجەدانێکی زۆر، لە سێدارەدرا. لەمێژووی عێراقیشدا بەیەکەم ئافرەت دادەنرێ، کە بەهۆی بەشداریکردنی لە بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلی کورد، لەسێدارەدرا.

ساکینە جانسز، یەکێکە لەکەسایەتییە دیارە سیاسیەکانی باکوری کوردستان، بەتایبەتی لە کۆتاییەکانی نیوەی دووەمی سەددەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەک، ئەو، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری پارتی کرێکارانی کوردستانە و ساڵانێکی زۆر زیندانی کراوە و ئەشکەنجە و ئازاری زۆر دراوە. بەهۆی بەشداریکردنی لە خەبات و سیاسەتدا، لە پاریس تیرۆرکرا.

لەیلا زانا، کەسایەتی سیاسی باکوری کوردستانە و بەیەکەم ئافرەتی کورد دادەنرێ کە دەنگێکی زۆری بەدەست هێنا و بووە ئەندام پەرلەمانی تورکیا. بەهۆی کوردایەتییەوە چەندین ساڵ زیندانی کراوە و ئازار و ئەشکەنجەدراوە. لەیلا زانا، لەماوەی ژیانیدا ژمارەیەکی زۆر خەڵاتی جیهانی و نێودەوڵەتی لە پای سیاسەت و خەباتەکەیدا پێ بەخشراوە.

لەبەرئەوە، پێویستە بوترێ ئەگەر بەریتانیا شانازیی بە ڤیکتۆریا، ئەمریکا بە هیلاری کلینتۆن، ڕووسیا بە ئەلیکساندەر، هیندوستان بە بیریند گاندی، پاکستان بە بێنەزیر بۆتۆ، ئەفغانستان بە مەلالە یوسفزەی، میسر بە کیلۆپاترا، ئەرژەنتین بە ئێڤیتان پیرۆن و چین بە تزۆهسی-یەوە بکات. کورد شانازیی بە عادیلەخان، حەپسەخان، نەجیبەخانی جەلی زادە، مارگرێت، ساکینە جانسز، مەستوورە، قەدەم خێر، لەیلا قاسم و لەیلا زاناوە دەکات. ئەوانە دورگەیەکی بچووکن، لەنێو ئۆقیانووسێکی فراواندا، مێژووی کوردییان سپی و گەش کردووە.